رەخنە



ئارام سدیق



له چیرۆکی "کیمیای پیت"ی عەتا محەمەد

# سەفەرکردن بەئەندێشەی پیتدا

## سەرەتا

ئەوەندەی کاتم لەگەڵ بەرهەمەکانی عەتا محەمەددا بردووەتە سەر بەدوو ئەنجام گەیشتووم، کە یەکەمیان ئەوەیە عەتا لە وشەیەکەوە دەمانبات بۆ ناو چەندین حیکایەت و پاشان لە خاڵێکدا راماندەگرێت و دەیەوێت تەنیا وشەیەک، یان "چەمکێک"مان بەچەندین شێوە بۆ راڤە بکات و حیکایەتی ناکۆتامان لەبارەیەوە بۆ بگێڕێتەوە، حیکایەتگەلێک کە زۆر جار سەفەرکردنە بەنێو مێژووی نەبینراو و نەنووسراوی ئێمەدا و زۆر جاریش عەتا



عەتا محەمەد

دەیەوێت لە ئەندێشـەوە حـیکایەت بخـولقـێنێت. دووەمـیش ئەوەیە لە نێو دنیای حیکایەتە ئەفرێنراوەکانییەوە دەمانبات تا لە دوا خـاڵێکدا رامـاندەگـرێت و دەیەوێت هـەمـوو حیکایەتەکان بخاتە خزمەتی "چەمکێکەوە"، یان رستەیەک کە دەیەوێت بیڵێت. ئەم حاڵەتەش دەکرێت ئێمە لە هەردوو کـتێـبی "پەرتووکی خـەون و گـێلاسی خـوێن"دا بەڕوونی بیبینینەوە و بێگومـان هەردوو گەمـەکەش لە خـاڵێکدا یەک دەگـرنەوە ئەوەش ئەوەیە کـە ئەم دوو حـاڵەتە دەکـرێت وەک دوو رێگە کـە بۆ خـاڵێک دەچن تەمـاشـا بکەین، کـە پەیام لە پشت هەر رێگەیەک لەم دوو رێگەیەوە، کە عەتا بۆ گێڕانەوە بەکـاری بردووە ئامـادەیی هەیە. لە کـاتێکدا لای چەندین چیرۆکنووس و نووسـەری تر ئەوەندەی خـەمی دروسـتکردنی فـەزایەکی ئەفـرێنراو هەیە لە چیـرۆک و رۆمـاندا، ئەوەندە خـەمی ئەوە نییـە، کـە چ پەیامـێک لە پشت ئەو چیـرۆک و حیکایەتە ئەفرێنراوانەوە ئامادەیی هەیە.

لە کـتێـبی "پەرتووکی خـەون"دا عـەتا لە رێی وشـەی "خـەون"ەوە ناکۆتا حیکایەتی ئەفرێنراومـان بۆ دەگێڕێتـەوە، تا ئەو خـاڵە بخاتە روو کـە ئەو "بێ سنوورییەی لە خـەوندا" هەیە لە هیـچ شـتـێکی تردا نـاتوانـین بەدەسـتی بهـێنین. هەروەها لە رۆمـانی "گـێلاسی خـوێن"یشـدا عـەتا لە رێی خولقـاندنی بێ سنووری حیکایەتەوە کە بەهێـڵێکی درامی کۆی حیکایەتەکانی نێو ئەو رۆمانە پێکەوە دەبەسـتێتـەوە دەمـانگەیەنێت بەخـاڵێک کـە ئەویش "خـەونی نەمـرییـە لای میری بابان".

عـەتا لـەو نووسـەرانەیە کە ئەوەندەی لـە خـەمی دروسـتکردنی فـەزایەکی جیاوازە لـەو فـەزا باوەی چیرۆکدایە، هـەر ئەوەندەش لـە خـەمی وتنی ئەو رسـتـە و پەیامـانەدایە کە دەیەوێت بەخـوێنەری بگـەیەنێت

عـــەتا لەو نووســـەرانـەیە کـــە ئـەوەندەی لە خـــەمی دروستکردنی فەزایەکی جیاوازە لەو فەزا باوەی چیرۆکدایە، هەر ئەوەندەش لە خـەمی وتنی ئەو رستـە و پەیامـانەدایە کە دەیەوێت بـەخـــوێنەری بگەیەنێت، کـــە ئـەم خـــاڵەش

جیاکارییەکە لەوەی دەتوانین بڵێین خولقاندنی ئەو فەزا جیاوازانەی لە چیرۆکەکانیدا هەیە بێ پەیام نییە و فەزای هەڵخەڵەتێنەر نین. بێگومان ئەمە پێوەندیی بەو کارکردنەی عەتاوە هەیە، کە هەر لە سەرەتای ئەزموونی چیرۆکنووسینییەوە کاری تێدا کردووە و تا ئەوەی کە سیمای ئەزموونەکەی لای خوێنەر بەرەو سیمایەکی دیار و تۆکمە بچێت.

عەتا لە چیرۆکی "کیمیای پیت"دا کە ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لێی بدوێین لە وشەی "بێ کۆتاییبوون"ەوە دەمانبات بۆ نێو دنیای بێ سنووری حیکایەت و سەفەرکردن بەئەندێشەی پیتەکاندا، تا دواجار دەمانگەیەنێت بەخاڵێک کە بێ کۆتاییبوونە، چونکە خۆی چیرۆکەکەش بێ کۆتایە.

ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵی شیکردنەوەی چیرۆکەکە و نزیکبوونەوە لە بەرجەستەکردنی مانای تری دەدەین کە لە پشت تێکستەکەی عەتاوە ئامادەیی هەیە، چونکە ئەم تێکستە دەکرێت وەک سەفەرکردنی عەتا بەنێو ئەندێشەی پیتەکاندا سەیری بکەین، سەفەرکردنێک کە پێوەندیی راستەوخۆی بەو پەتا کوشندەیەی نێو دنیای کوردییەوە هەیە، کە ناوی "فەرامۆشکردن"ە. عەتا دەیەوێت لە رێیی بەرجەستەکردن و ئەندێشەکردنی خەیاڵەوە لە چەمکی "فەرامۆشکردن" بدوێت لەپاڵ چەمکە سەرەکییەکەدا کە "بێ کۆتاییبوون"ە بەدەر لەم دوو چەمکەش، چەمکی "بێدەنگی"یش ئامادەیی لە چیرۆکەکەدا هەیە کە گرێدراوی دوو چەمکەکەی ترە.

## چیرۆکەکە

ئەگەر بمانەوێت بەشێک لە چیرۆکەکە بگێڕینەوە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ خوێنەر بکەین، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناتوانین هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە بگێڕینەوە، بەو پێیەی چیرۆکەکە چیرۆکێک نییە کە رووداوێک بەشێوە کلاسیکییەکەی روو بدات و هەست بەبوونی پاڵەوانێک بکەین تا ئێمە دووبارە بیخەینەوە روو، کە ئەمەش ئەو ئاستەنگەیە کە لە کاتی چیرۆکەکانی عەتادا دێتە رێمان، چونکە لای عەتا هەموو چەمکەکان بە "چیرۆک" خۆی و "پاڵەوان" و "راوی- گێڕەرەوە" و "رووداو"یشەوە مانای تریان وەرگرتووە و ئێمە هەست بەدروستکردنی فەزا و سیمای تر بۆ هەر یەک لەم چەمکانە دەکەین، هەر بۆیە ئاسان نییە بتوانین چیرۆکەکە "بەتەواوی" بگێڕینەوە، چونکە چیرۆکنووس هەوڵی راوکردنی چرکەساتەکانی داوە بۆ خولقاندنی رووداو و پاشان بەرهەمهێنانی مانا.

چیرۆکەکە باس لە چرکەساتێکی ژیانی مامۆستا محەمەد ئەمین دەکات کە

چیرۆکنووسێکی ساڵانی حەفتاکان بووە و لە ساڵی (١٩٧٨)دا کۆچیرۆکی "ئەبێ و نابێ رایەکی زمانەوانییە" چاپ دەکات. ئەو چرکەساتەش وەستانی مامۆستا محەمەدە لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەیدا و پاش وازهێنان لە نووسین. خاڵێک کە لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە ئەو خوێنەرەی نزیک نەبێت لە چیرۆکی ژیانی ئەم پیاوەوە، ناتوانێ بەباشی چێژ لە چیرۆکەکە ببینێت و لەو کۆدانەش تێ بگات کە چیرۆکەکەی عەتا هەڵگریەتی، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین کە روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ژیانی ئەم چیرۆکنووسە بخەینە روو.

م. محەمەد پاش چاپکردنی ئەو کۆچیرۆکەی لەسەرەوە ناومان هێنا و بەهۆی ئەو جیاواز نووسینەی ئەو لەو سەردەمەدا هەیبوو کە "تا رادەیەک" لە هاوسەردەمەکانی جیاوازی دەنووسی. بۆیە چیرۆکەکانی وەک پێویست نەخوێندرانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەش کە ئەو مامۆستایە ئەندامی هیچ گروپ و حیزبێک نەبوو. بۆیە هەر زوو دژایەتیکردنی لە لایەن چەند نووسەرێکەوە "کەسانێکەوە" دەست پێ کرا، تا دواجار دژایەتییەکە دەگاتە ئەوەی ئەم مامۆستایە بریاری وازهێنان لە نووسین بدات. ساتی دەستپێک و قسەکردنی "عەتا"ش پاش وازهێنانی مامۆستا محەمەدە لە نووسین.

ئەم چەند دێرەی لە سەرەوە خستمانە روو بۆ روونکردنەوەی زیاتری چیرۆکەکەی عەتایە و هاوکات روونکردنەوەی ئەوەشە، کە عەتا بۆ ئەم پیاوەی وەک بکەرێکی ئەکتیڤی ناو چیرۆکەکەی بەکار بردووە.

مامۆستا محەمەد لەو بەیانییەدا توانیویەتی لە رێی ئەندێشەکردنەوە بگاتە پیتی پیرۆزی خۆی و دالی رەها بدۆزێتەوە، بۆیە دەتوانێت لە بری نووسخەیەک چەند نووسخەیەک لە دیوانەکەی مەحوی لە کتێبخانەکەیەوە دەربهێنێت و هاوکات چەند وێنەیەکی خۆشی لە هەمان بەیانیدا دەبینێتەوە، چونکە ئەو گەیشتووەتە بێ کۆتایی. دەمەوێ ئەوەش بڵێم بوونی "مامۆستا محەمەد ئەمین" تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە چیرۆکنووسێکی ساڵی حەفتاکانە و تەنیا یەک کۆمەڵە چیرۆکی هەیە، بەڵکو خاڵی جیاکەرەوەی "مامۆستا محەمەد" ئەوەیە، کە ئەم پیاوە بەهۆی ئەو ژیانە سەیرەیەوە کە ناچار کرا واز لە نووسین بهێنێت و بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بۆیە لای عەتا بووەتە بەرجەستەکراوێکی نێو چیرۆکەکەی.

ئەگەر کەمێک لەسەر ناونیشانی ئەم چیرۆکە بوەستین دەبینین جوانی ئەم ناونیشانە لەوەدایە عەتا لە پەرەگرافی یەکەمدا ئەوە دەخاتە روو کە دەیەوێت چیرۆک لە بارەی "بێ کۆتاییبوون"ەوە بنووسێت، کەچی چیرۆکەکە ناوی "کیمیای پیت"ە، ئەمە ئەو نهێنییەیە

خوێنەر تا چیرۆکەکە نەخوێنێتەوە لە سیحری ناونیشانەکەی تێ ناگات، کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە جوانەکانی ئەم چیرۆکە. بێگومان ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی ئەم ناونیشانەی عەتا بەکاری بردووە، ناونیشانێکە کە تەواوی مەبەستەکەی پێکاوە لەو خاڵەدا کە ئەو کەسەی عەتا دەیەوێت باسی بکات، یان چرکەساتێکی ژیانی بنووسێتەوە لە ڕێی سیحری پیتەکانەوە دەگاتە بێ کۆتاییبوون، بۆیە ئەو کەسەی عەتا لێی دەدوێت لە هەمان کاتدا کیمیای پیتە و هاوکاتیش ئەو بێ کۆتاییە.

## ئەندێشەکردنی بێ کۆتاییبوون

ڕەنگە باشترین خاڵێک بۆ ئەوەی مەبەستی ئەم بەشەمان روون بکەینەوە ئەوەبێت بەدوای پێناسەی بێ کۆتاییبووندا بگەڕێین؟ بزانین بێ کۆتاییبوون چییە؟ مرۆڤ چۆن توانای ئەندێشەکردنی هەیە؟ بێگومان گەڕان بەدوای پێناسەکردنی ئەم چەمکەشدا پڕ لە ئیشکالییاتە و عەتاش لە چیرۆکەکەیدا نەیتوانیوە ئەو ئیشکالییاتە ساغ بکاتەوە، بۆیە عەتا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەم خاڵە هەوڵی تێکەڵکارییەکی لە رادەبەدەری واقیع و ئەندێشەی داوە تا بگاتە ئەنجامێک، کە دووبارەبوونەوەی وێنەکان و سێبەرەکانە لە زەمەنە جیاوازەکاندا. چیرۆکنووس لە ڕێی ئەندێشەکردنی "م. محەمەد ئەمین"ەوە لە بەیانییەکدا و گەڕانی "م. محەمەد" بەدوای پیتی پیرۆزدا کە ئێمەی خوێنەر نازانین "پیتی پیرۆز" کامە پیتە، کە دەیەوێت وێنەیەکی بێ کۆتایی، یان سێبەری وێنەیەکی بێ کۆتایی بەرجەستە بکات. عەتا سەرەتا ئەوە دەخاتە روو کە "م. محەمەد" هەمان ئەو کەسەیە کە کۆچیرۆکی "دەبێ و نابێ رایەکی زمانەوانییە"ی هەیە، بەڵام پاشان ئەوە دەخاتە روو کە "م. محەمەد"ەکەی نێو چیرۆکەکەی ئەو جگە لە بەرجەستەبوونی دێڕە شیعرێکی مەحوی هیچی تر نییە.

دەکرێت لێرەدا خوێنەر بپرسێت کام دێڕە شیعرەی مەحوی "م. محەمەد"ی لێوە بەرجەستە بووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من ئەو دێڕە شیعرەی مەحوی کە عەتاش لە چیرۆکەکەیدا بەکاری بردووە دەنووسمەوە کە دەڵێت:

بەضایع چوو لە "مالایەعنی" یا وەقتم هەموو، یەعنی
دەبێ وەقتی لە "بوالوقت"ی بخوازم دا تیا بمرم

ئەگەر "م. محەمەد" بەرجەستەبووی ئەم دێڕە شیعرەی مەحوی بێت، ئەوا مەحویش بەرجەستەبووی دێڕە شیعرێکی ترە کە عەتا نایەوێت ئاشکرای بکات. هاوکات ئێمە

دەمـــانەوێت لـە ژێر ڕۆشنایی ئەم چیـــرۆکـــەدا ئەوەش بخـــەینە ڕوو کـــە مـــەحـــوی بەرجەســتەبوویەکی بیـری بوونگەراییـیە لە سـەدەی نۆزدەی نێو ڕۆشـنبیـری کـوردیدا و دەکرێت لەو دێڕە شیعرەوە هەست بەو بەرجەستەبوونە بوونگەرییە بکەین.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەوە بخەینە ڕوو کە کێن ئەوانەی توانای ئەندێشـەکردنی بێ کۆتاییبـوونیـان هەیە؟ ئەگەر "م. محەمەد و مەحوی" وەک دوو مرۆڤ تەماشا بکەین، کە گەیشتوونەتە پلەی ئەوەی کە ئەندێشـەی بێ کۆتاییـبوون بکەن، ئەوا دەکرێت بڵێین هەمـوو ئەو مـرۆڤـانەی وەک عـەتا دەڵێت: توانای دۆزینەوەی "پیـتی پیـرۆز"یان هەیە دەتـوانن بگەن پێی. بەڵام من رام وایە هەموو ئەو نووسەرانەی توانای سەفەرکردن بەئەندێشەی پیتەکان و دۆزینەوەی نهێنی نووسینیـان هەیە، دەتوانن ئەندێشـەی بێ کۆتابوون بکەن، چونکە خودی نووسین هـەوڵە بۆ گـەیشتن بەبـێ کۆتاییـبوون، بەڵام ئەو نووســەرانەی دەتوانـن "ئەو دیوی وشە"، یان بەواتایەکی تر "نهێنی نووسین" کەشف بکەن، ئەوا دواجار دەبن بە "سۆپەرمانی پیت"، یان وەک عەتا لە ناونیشانی چیرۆکەکەیدا دەیخاتە ڕوو دەبن بەکیمیاگەری پیت.

## بێدەنگی و بێ کۆتاییبوون

یەکێک لەو چەمکانەی عەتا لەم چیرۆکەدا لە پاڵ چەمکی "فەرامۆشکردن"دا بەچەمکی "بێ کۆتاییبوون"ەوە گرێی داوە چەمکی "بێدەنگی"ە کە دەتوانین بڵێین کۆی چیرۆکەکەش لەســەر ئەم سێ چەمکە بەندە. پرسـیـارێک کـە ســەرەتا دەبێت بیکەین ئەوەیە کـە ئایا هەڵبژاردنی بێدەنگی هەموو کات مرۆڤ دەگەیەنێت بەوەی بگاتە بێ کۆتابوون؟ یان مرۆڤ کەی بێدەنگی هەڵبژێرێت؟ ئایا بێدەنگی جۆرێک نییە لە خۆکوشتن؟ ئێمە لێرەدا هەوڵی نزیکبوونەوە و گەڕان بەدوای ئەم وەڵامانەدا دەدەین.

عەتا لەم چیرۆکەدا "م. محەمەد"ی وەک یەکێک لە چیرۆکنووس و مرۆڤە بێدەنگەکانی نێو کولتووری کوردی هێناوەتەوە کە بە "بێدەنگییە سامناکەکەی" توانیویەتی بگاتە دالی ڕەها، کە هەمـوو مەدلوولێک لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئاماژەدان بەمەحوی و دێڕە شیـعرەکەی ئەویش دووبارە بۆ بێدەنگی ئەو مرۆڤـە دەگەڕێتەوە، کـە تەنیا بەدیوانێک شیـعر تیـشکی خستووەتە سەر زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ. لێکچوونی مەحوی و م. محەمەد تەنیا لەو بێ دەنگییەدا نییە، بەڵکو لەوەشدایە کە "م. محەمەد"یش وەک مەحوی تەنیا خاوەنی کتێبێکی تاقانەیە کە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەمان پێ کرد.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین کێ بێدەنگە؟ گرنگی هەڵبژاردنی بێدەنگی لەچیدایە؟ ڕەنگە بێدەنگترینی هەموو بێدەنگەکان "خودا" بێت، چونکە ئێمە لەم سەردەمەدا تەنیا

دەتوانین لە ڕێی کتێبە تاقانەکەیەوە بگەین بەدەنگی ئەو، وەک چۆن دەتوانین لە ڕێی دیوانەکەیەوە بگەین بەدەنگی مەحوی. ئەگەر ئێمە بەدوای نهێنی بێدەنگی خوادا بگەڕێین ڕەنگە نەگەینە ئەنجامێک، بەڵام تاکە ئەنجام، کە پێی دەگەین ئەوەیە کە خوا لە ڕێی هەڵبژاردنی بێدەنگییەوە، توانیویەتی لە ڕێگەی ترەوە دەنگی خۆی بەگوێی مرۆڤەکاندا بگەیەنێت، چونکە ئەویش بێ کۆتاییە.

لە پاش تێکستی "قورئان"، کە هەمووی دەنگی خوایە، مرۆڤ دەتوانێت لەو بێ کۆتاییبوونەی خوادا و لە دەنگی باران و هەورەبروسکە و شنەی شەماڵ و هێمنی باڵی پەپوولەدا گوێی لە دەنگی خوا بێت. بێگومان دۆزینەوەی دەنگی بێ دەنگەکان تەنیا لە ڕێی ئەندێشەکردنی بێ کۆتاییبوونەوە بەرجەستە دەبێت، وەک چۆن عەتا لەم چیرۆکدا کردوویەتی و لە ڕێی "م. محەمەد"ێکی ئەندێشەکراوەوە ئەندێشەی بێ کۆتاییبوون کراوە.

دەکرێت مەحوی وەک یەکێک لە کەسە بێدەنگەکان سەیر بکەین کە زیاد لە سەدەیەکە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام تێکستەکانی بەردەوام بەدەنگ دێن. واتە دەکرێت ئێمە ئەندێشەی ئەو بکەین، کە مەحوی سێبەری خوا بێت، چونکە تێکستەکانی ئەم شاعیرە بەردەوام مانای نوێ بەرهەم دەهێنێت، ماناگەلێک کە لە پێشتردا خوێنەر پەی پێ نەبردووە. عەتا لەم چیرۆکەدا ئاماژەی بەبێدەنگی م. محەمەد دەدات و ئەو دەنووسێت:

بەڵام پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە بکەین کە مامۆستا محەمەد ئەمین کێیە، دەمەوێت بەیادتی بهێنمەوە ئەو، هەر ئەو کەسەیە کە لە ساڵی (١٩٧٨)دا تەنیا کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپ کرد، بەناوی "دەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانییە" و ئیتر هەوڵی دا جۆرێکی تر لە نووسین بدۆزێتەوە، کە ئەویش بێدەنگییە و لەوە بەدواوە و لەو بێدەنگییە کوشندەیەدا، زۆر کەس، خۆی و کتێبەکەی فەرامۆش کرد.

پێ دەچێت فەرامۆشکردن قەدەری ئەو نووسەرانە بێت کە دەگەن، یان گەیشتوون بە "بێ کۆتابوون" وەک م. محەمەد، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو فەرامۆشکردنە هەر بەردەوام دەبێت؟ بێگومان پێ ناچێت وا بێت بەو پێیەی مەحوی لە کاتی خۆیدا کەسێکی فەرامۆشکراوی پەراگەندە بووە و شیعرەکانی ئەو وێنەیەمان بۆ دەگوێزنەوە، بەڵام لە ئێستادا مەحوی شاعیرێکی فەرامۆشکراو نییە، چونکە ناکرێت ئەم شاعیرە لە شیعری کوردیدا بسڕدرێتەوە، هەرچۆن ناکرێت "م. محەمەد" و تاکە کتێبەکەی لە چیرۆکی کوردیدا بسڕدرێتەوە. بۆیە سیحری پیت و کیمیاگەرانی وشە لەوەدایە کە زەمەن ناتوانێ فەرامۆشیان بکات، ڕەنگە چەند دەیەیەک فەرامۆش بکرێن، یان دەستەو تاقمێک هەوڵی

فەرامۆشکردنی بدەن، بەڵام مێژوو، ئەگەرچی توانای دەرخستنی دیوێکی راستەقینەی رووداوەکانیشی نەبێت و نەیانگوازێتەوە، بەڵام لە فەرامۆشکردن دەیانپارێزێت.

عەتا لە "کیمیای پیت"دا م. محەمەد وەک سێبەرێکی "مەحوی" دەخاتە روو وەک چۆن ئاماژە بەبەرجەستەبوونی م. محەمەد دەکات لە دێرە شیعرەکانی مەحوییەوە، بەڵام دەکرێت لە ئێستاشدا پاش چەند دەیەیەک لە هەڵبـژاردنی بێدەنگی لە لایەن "م. محەمەد"ەوە چیرۆکنووسی تر هەبن کە سێبەری ئەو بن، بۆیە دەبینین لە نێو کولتوور و رۆشنبیری کوردیدا لەگەڵ گۆڕانی زەمەنیشدا، بەڵام کێشەکان وەک خۆیانن و داهێنەران تا خۆیان لە ژیاندابن هەر بەفەرامۆشکراوی ماونەتەوە.

## پیتی پیرۆز چییە؟

لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەی عەتادا زۆر جار رووبەڕووی "پیتی پیرۆز" دەبینەوە، بەڵام با بزانین پیتی پیرۆز چییە؟ عەتا بۆ ئەم زاراوەیەی بەکاربردووە؟ عەتا دەنووسێت: "مرۆڤە راستەقینەکان بەدوای پیتی پیرۆزدا دەگەڕێن". ئەم رستەیە سەرەتایەکە بۆ کێشەیەکی ئاڵۆز کە ئەویش "مرۆڤی راستەقینە کێیە؟" ئێمە نامانەوێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین، چونکە ئەمە کاری ئەم نووسینەی ئێمە نییە، بەڵام لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەو رستەیەی عەتا تەنیا دەتوانین بڵێین، کە دەکرێت مرۆڤی راستەقینە ئەو مرۆڤانە بن کە لە رێی نووسینەوە گەیشتوونەتە دۆزینەوەی خاڵێکی نادیار کە پێشتر کەشف نەکراوە.

عەتا لە بارەی پیتی پیرۆزەوە دەنووسێت:

"ئەگەر بمەوێت لە بارەی پیتی پیرۆزەوە بدوێم کە ئەو بەیانییە بێ کۆتاییەی خولقاند، ئەوا دەبێت بگەڕێمەوە سەر بیروباوەڕی ئەوانەی بەکیمیاگەرانی پیت ناسراون و لە سەردەمانێکدا و لە ناوچەیەکی نزیک لێرە، کە تۆ ئەم بەسەرهاتەی تێدا دەخوێنیتەوە، ژیاون و جۆرێک لە بڕوای سەیریان هەبووە. ئەم دەستەیە لەو باوەڕەدا بوون کە هەر ئەبجەدییەک، جیا لەو پیتە زانراوانەی پێکیدەهێنێت، پیتێکی نادیاری هەیە، کە هەر کەسە و بەڕێگەیەک دەتوانێت بیدۆزێتەوە. پیتێک کە لە یەک کاتدا هەموو پیتەکانە و..."

لێرەوە تێ دەگەین تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بگەنە "پیتی پیرۆز"، کە ژیانی نێو کتێب بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، وەک چۆن "مەحوی، ئارتۆ، رامبۆی شاعیر و کافکا" هەڵیانبژاردووە و ئەوان بەبێ بوونیان لەم سەردەمەدا لە نێو دێڕ و نووسینەکانیاندا زیندوون. هەر بۆیە م. محەمەدیش پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ کە وازی لە نووسین هێناوە، بەڵام ئەو لە نێو کتێبدا

دەژی و خوێندنەوە و کتێب بەشێکە لەو و نووسینی ئەم پیاوە تەنیا بێدەنگی دەینوسێتەوە. واتە عــەتا دەیەوێت ئەوەش بخــاتـە روو کــە وازهێنان لە نووسین لای "م. مــحــەمــەد" و هەڵبژاردنی بێدەنگی لە لایەن ئەم چیرۆکنووسەوە، دۆزینەوەی زمانێکی ترە بۆ نووسین، کە ئەویش زمانی بێدەنگییە. دەکرێت لێرەوە بڵێین پیتی پیرۆز ئەو نەزانراوەیە کە نووسەرە داهێنەرەکان کەشفی دەکەن و پێی دەگەن، کە ئەویش دۆزینەوەی ڕێگەی ترە بۆ نووسین و گوزارشتکردن. یان وەک عەتا لە چیرۆکەکەدا دەنووسێت:

"ئەوانەی پیتی خۆیان دەدۆزنەوە و دەگەنە سەرزەمینی ئەو کتێبە ئەفسووناوییە، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە فەرامۆش دەکەن و بۆ هەتاهەتایە لە جوانیدا بێدەنگ دەبن، چونکە گەشتوونەتە سەرزەمینی یۆتۆپیا".

بەکاربردنی "پیتی پیرۆز" لای عەتا بۆ گەورە نیشاندانی پیت و وشەیە لای گەورە داهێنەران، چونکە مەرج نییە ئەوەی بەرهەمی زۆری هەبێت داهێنەر بێت، بەڵکو دەکرێت نووسەرێک بە تاکە بەرهەمێک بتوانێت داهێنەرانە خۆی بسەلمێنێت. لێرەدا دەکرێت "ئەحمەد هەردی" وەک نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە داهێنەرانە سەیر بکەین. بۆیە دەکرێت بڵێین کەمی بەرهەمی شیعری هەردی لە چاو تەمەنییەوە لەم خاڵە نزیک دەبێتەوە، کە ئەویش یەکێک بێت لەو نووسەرانەی گەیشتبێتە پیتی پیرۆز، بۆیە ساڵانێکی زۆری تەمەنی تەنیا بەبێدەنگی گوزەراند.

## لە بری کۆتایی

ئەم چیرۆکەی عەتا لەو چیرۆکانەیە کە دەکرێت لە زۆر ڕەهەندەوە لێی بڕوانرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە ئێمە تەنیا ئەو لایەنەمان لا مەبەست بوو و دەکرێت لە رووی هونەریشەوە قسەی لەسەر بکرێت، یان تێکەڵکردنی زەمەن و گەمەکردن لە نێو مێژووی ئەدەبی ئێمەدا، کە کۆی ئەم خاڵانە و چەند خاڵی تر هەناوی ئەم چیرۆکە پێکدێنن، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا ئێمە لەم نووسینەدا نەمانویستووە هەموو کۆدەکان بکەینەوە و قسە لەسەر هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە بکەین، چونکە هەم نەمانویستووە ئەم نووسینە لەوە درێژتر بێت، هەم کەشفکردنی ئەو لایەنانەی ترمان لە ئێستادا بەپێویست نەزانی، کە ڕەنگە لە دەرفەتی تردا بگەڕێینەوە سەری و قسەی زیاتری لەسەر بکەین.

سەرچاوە: عەتا محەمەد، کیمیای پیت – چیرۆک، گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە (٦٣) کانوونی یەکەمی (٢٠٠٨).